شیعر

# دوور له دوعاكانی دایكم

ئیبراهیم هەورامانی




دەزانم كەمێكی تر
ئەم شەقامە چۆڵتر دەبێ
بێ دەنگتر
تەنیاتر دەبێ.
دەزانم تاوێكی تر
بەدیار زیكری درەخت و
چۆڵبوونی شەقامێكی تەنیاوە
وەك گەڵای ژێر
درەخت كەوتوو
خۆم.. خۆمم لێ ون دەبێ.
دەزانم، ئەم شەقامە
تەنیایە
بەڵام تەنیاتر لەو
منم.
دەزانم ئێستا كە من

تەنیانم
بەڵام تەنیاتر لە خۆم
منم.
لێرەدا.. لە چەقی ئەم شەقامە تەنیایەدا
چەندی دەکەم ،
دارعەسای دووکەڵی جگەرەکەم
ڕێم ناباتەوە
سەر ڕێگەی ،
تریفەی مانگەشەو و.
سەر ڕێگەی
حیکایەتی چاوانی ئەو و
دڵی من.
چەند دەکەم
نازانم
کەنگێ غروب دێتەوە.
کەنگێ ئەستێران
دەست دەکەن
بەشایی و لۆغانی شەوانە.
چەند دەکەم
نازانم
تەمەن چەندی ماوە
بۆ لەحزەکانی فیراق و
سەرهەڵدانی بەزمی "سیاچەمانە"(*)
لێرەوە، لەم چەقی شەقامەوە
ڕێ دەبەمەوە هەر کوێ
کۆڵانێکە تەنیا
مزگەوتێکە تەنیا
گەڕەکێکە تەنیا



باخچەیەکە تەنیا
کانیلەیەکە تەنیا
تەنیاتر
لە شیعرێکی ئاوێزان بەمەوداکانی بینین.
لێرەوە بە جل و بەرگێکی رەشەوە
تێکەڵ دەبم
دەکەومە سەماکردن
دەکەومە گۆرانی وتن
لەگەڵ رەنگە قەترانییەکانی شەودا .
دەبینە یەک
کەسمان ئەوی تری ناناسینەوە.
خوا چی عومری بەمن شک دەبرد
بەخشیمە دوا عومری
بێدەنگی و
بە دیار تەرمی گەڵایەکی گریاوەوە
لە قەدی درەختێکی سەرمابردەم
ئاڵاند و
خۆشم....... تەنیا و
تەنیا و
تەنیا
دوور لە چاوی خەواڵوی شەو
دوور لە دوعاکانی دایکم..
بەدزی ئەو نامانەی بۆتم نوسیبوون
بەدیار سەمایەکی غەریبانەی
بەر لە نیوەشەو
دوا جێ پێی هەنگاوەکانم
سڕییەوە.



کانوونی دووەمی :٢٠٠٨